# بەهاكانی رای گشتی و

# رەنگدانەوەی لە كۆمەڵگادا



نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

## چەمكی رای گشتی:

رای گشتی گرنگیەكی زۆری هەیە لەنێو كۆمەڵدا ,ناوەندەكانی دەسەلات وسیاسی گرنگی زۆری پیێ دەدەن بۆ فەراهەم كردنی خواستەكانی زۆرینەی جەماوەر بەخولقاندنی رای گشتی لەنێو خودی جەماوەردا, سەرەرای گرنگی ئەم چەمكە كەچی تا ئێستا پسپۆران وشارەزایانی ئەم بوارە لەسەریەك پێناسەی هاوبەش كۆك نەبوونە ئەمەش هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە پاشخانی كەلتوری وفكری ئەوانەی گرنگی بەبواری رای گشتی ئەدەن وە جیاوازی رۆڵی گەلان رادەی هاوبەشی كردنیانە لەسیاسەت وجیاوازی باوەڕ وئایین وئایدۆلۆژیایە كە كار دەكەنە سەر نەبوونی پێناسەیەكی هاوبەش لبەم بارەیەوە دكتور سعید سراج پیێ وایە زۆربەی پێناسەكانی رای گشتی ئەوە دەسەلمێنیێ كە وا رای گشتی نیشانەیەكە بۆ بوونی كۆمەڵگازۆربەی لێكۆلینەوە سیاسی وكۆمەلایەتی یەكان ومیدیاكان ئەوەیانخستۆتە كەوا ناكرێت بەچاوێكی یەكسان ویەككرتوو سەیری كۆمەڵگا بكرێت بەلكو لەبەر جیاوازی بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژی وكەلتوریانەوە...هتد. پێكهاتەكەشیان جیاوازە وبەم جۆرە رای گشتی جیاوازە,بەلام پسپۆرانی بوارەكە توانیان جیاوازی لەنێوان (زۆرینە)كپ وكڕ(كەمینە)ی چالاك وبزۆك دا دابنێن كە دەتوانن گوزارشت لەرای خۆیان بكەن[1] هەروەها عبد المنعم سامی:وای بۆ دەچیێ كە رای گشتی زاراوەیەكە گوزارشت لەبیر ورای كۆمەڵەكەسانێك سەبارەت بەكێشەیەك یان مەسەلەیەكی دیاری كراو دەكات.ئەگەر لایەنگری بن یان رووبەڕووبینەوە ودژایەتیبكەن,نواندنی هەلویستی باش,خراپ لەساتێكی دیاری كراوی مێژودا كاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەكان بێت.[2]

ماكنیون پیێ وایە: رای گشتی ئەو هەست وسۆزەیە بەرامبەربابەتێكی دیاریكراو, زۆرترین كەسانێك پێشوازی لیێ دەكەن,كە زیرەكتر وبە ئاگاترین وزیاتر پابەندی ئەخلاقین,ئەم هەست وسۆزە وردە وردە بلاودەبێتەوە تا نزیكەی تەواو خەلكی هەستیان هەبیێ وپێكەوە لە ولاتێكی شارستان وپێشكەوتوودا دەژین:

چەند پێناسەیەكی رای گشتی پسپۆران وشارەزایان ئەو بوارە:

[1] عبد المنعم سامی, الرای العام والاشاعه, المغرب 2001 ص20.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو, ص22.

– ليونـارد دووب: راى گـشتى واتـه بـۆ چـوون وئاراسـتەى فيكـرى وهەڵوێـستىخەڵك بەرامبـەر بابـەتێكى دياريیكراو, بەو مەرجەى ئەو خەڵكە ئەندام بن لەو كۆمەڵە دياریيیكراوە.
– هاروك جيلدز: راى گشتى بريتيـە لـەو كۆمەڵـە رايـەى كـە كۆمـەڵێك هەيانـە, بـىٚ ئـەوەى پێـشتر لەسـەرى رێكەوتبن.
– ch cooley : راى گشتى پرۆسەيەكە ; بەتەنها رێكەوتنێك سەبارەت بەمەسەلەيەكى رۆژانە.
– فيلانـدى فەيلەسـوف: راى گـشتى راى هـەموو گـەلٚ نـى يـە بـەڵكو راى توێـژێكى چالاكى سـەركەتووە بەسەر هەموو توێژەكانى ترى گەلدا [3].
جۆن ستيوارت دەڵێ: ئەگەر هەموو جيهان لەسەر رايەكى ديارى كراو رێكـەوتن وتاقە كەسێك رازى نـەبوو ئەوا جيهان ئەو مافەى نى يە, سەركەوتى ئەو رايە بكات وبێدەنگى بكات [4].
هـاوك چـيلدز دەڵـێ: راى گـشتى هـەر كۆمەڵـە بـيرو ڕايـەك بێـت چـەند كەسـانێك بروايـان پىٚـى هەيـە, بەچاوپۆشى بەرادەى رێككەوتنيان وپێكەوە گونجانـدنى پێشوازيان, كـە مەرجـە لىٚ بكۆڵێتـەو,بـەڵكو ئـەو مەسەلەيە نى يـە مـەرج بىٚ پێويستى بەرێگايـەكى سـەركوت كەرانەهـەبىٚ وەك مـەرجێكى دروست بـوونى راى گشتى [5].ماكنيون دەڵێ: راى گشتى ئـەو هەسـت وسـۆزەيە بەرامبـەر بابـەتێكى ديـارى كـراو زۆرتـرين كەسانێك پێشوازى لىٚ دەكەن كە زيرەكتروبەئاگاترن وزيـاتر پابەنـدى ئەخلاقين, ئـەم هەسـت وسـۆزە وردە وردە بلاْودەبێتـەوە تـا نزيكـەى تـەواوى خـەڵك بـرواى پـىٚ دەكـەن وكۆمـەڵێكى شـارەزاى لىٚ پێـك دەهێـنن هەستيان هەبىٚ وپێكەوە لەولاْتێكى شارستان وپێشكەوتوودا دەژين [6].
دكتـور ئيـبراهيم امـام: پىٚوايـه راى گـشتى بيروبـاوەرى باوەلـە جـەماوەردا بەرژەوەنـدى هاوبـەش لەهەڵوێستێكدا ياجۆرە هـەڵس وكـەوتێك يـا مەسـەلەيەكى گشتى بەيەكيانـەوە گرى ئـەدات وكـار ئەكاتـە سەربايەخ پێدانيان يان پەيوەستە بە بەرژەوەندى هاوبەشەيانەوە [7].
لە جياوازى ئەم بۆچون وپێناسانەدا چەندين خاڵى هاوبەشيان لە خۆگرتووە, كە ئەمانەن
- بيروراو تێروانينى زۆرينە.
- كێشەيەكى گشتى بەلاى زۆرينەى كۆمەڵگاوە مايەى بايەخ پێدانە.
- مادەيەكى ديارى كراو.
- كێشەيەك خراوەتە بەرباس ولێكۆڵينەوە.
- بەدەست هێنانى بەرژەوەندى گشتى.

راى گشتى كاتێك سەرهەڵدەدات تاكە كەسەكانى بەچەندين هۆكار وەك پەيوەندى كردنى راستەوخۆ يـان گفتوگـۆ يـان وتارخوێندنـەوە يـان لـەرىٚ چاپكراو,رۆژنامـە,ئێزگـە,تەلـەفزيۆن,يـان پێكـەوە بـن

[3] محازەرەكانى راى گشتى, م.عەبد عارف, بەشى راگەياندنى زانكۆى سلێمانى (2003–2004).
[4] د.رفق سكرى, مدخل في الري العام والاعلام والدعاية,جوس بريس ,لبنان,1984, ص12.
[5] د.هانى رچا ,د.رامز محمد عمار, الراى العام والاعلام والدعايه,لبنان بيروت, المؤسسه الجامعات للدراسات والنشر, ص9 .1998
[6] د. محمد عبد القادر ,الراى العام وتاپير والاعلام الدعايه,لبنان 1973 ,ص27.
[7] الدكتور لبراهيم امام, الاعلام والاتصال بالجماهير, مصر 1969 ص205.

هـــەرۆوەها رای گـــشتی لەئـــەنجامی وتویـــژ وگفتوگـــۆ ولێکۆڵینـــەوە وهەڵـــسەنگاندنی بـــیروڕای بەرهەڵستکارانەوە دەخەملێ ودوا جار لەسەر تاقە راوبۆچونێك رێك دەکەون.
رای گشتی تاماوەیەکی درێژ خایەن چالاك دەمێنێتەوە بەتایبەتی لەو کاتەی کە خەڵك هەست بکات بەژەوەندی هاوبەشیان هەیەبەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە,لێرە لە بەباشی هەست بە روداوەکان دەکەین پاڵپشت ولایەنگری ئەم رایە دەکەن,رای گشتی دروست دەبێت,تا خەڵکی هۆشیار بن ودرك بەپێشهات وروداوەکان نەکرێ بۆچونی رای گشتی لەنێو جەماوەردا دروست نابێ.
ئاراستەی رای گشتی لەکۆمەڵگەی سونییەکاندا کارێکی ئاسانە چونکە یەك باوەڕی سیاسی وئاینیان هەیە,بەڵام لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری دا بەرژەوەندیەکان فرە جەشنن وحزب ورێکخراوی هەمە جۆریان تێدایە, زانینی رای گشتی کارێکی گرانە,بۆیە پرۆسەی زانینی رای گشتی کارێکی گرنگە وبەهۆیەوە رای گەل دەزانرێت تاکو بریاری چارەنووس ساز ویاسایی گونجاو بۆ دادەنرێت.
لەسەرەتای سەدەی بیست هەموو ئەو چالاکیانەی کە گرنگی بەرای گشتی دەدەن زیادیانکردووە,جا لەلایەن زانایانی دەرونیەوە بێت یان لەلایەن سیاسی ومیدیایی ویاساییەوە بێت.زۆر بۆچونی زانستی وفیکری خرانە روو بۆ دانانی بنەمایەکی سیاسی وتەکنیگی تاکو باشترین رێگا بۆ هەڵسەنگاندنی وردی رای گشتی دابنرێت بۆ ئەوەی لەرێگەیەوە بۆچون ورای خەڵك سەبارەت بە کێشە جیاجیاکانی (سیاسی,ئابووری,کۆمەڵایەتی...هید).

## پێوانەی رای گشتی لە کۆمەڵگادا :

پێوانەکردنی رای گشتی لەنێو جەماوەردا,بۆ هەموو سیستمە سیاسیەکان جێگای بایەخ وگرنگی زۆری پێ دەدرێ,چونکە لەم رێگەیەوە سیاسیەکان ئاگاداری دید وبۆچوونی هاولاتیان دەبن بەرامبەر بەکێشە گرنگەکان زانینی ئاراستەی سیاسی لەشارێك یان لە وولاتێك.
*لەسەدەی بیستەوە گرنگی زۆر بەرای گشتی دراوە لەلایەن دەزگا وناوەندە رۆشنبیری وسیاسیەکان ولەلایەن بیرمەندانی بوارە جیاجیاکانبۆ ئەوەی رای گەل بزانن وچارەسەری کێشە وگرفتەکانیان بکەن.
*گونجاندنی رێبازەکانی پێوانەی رای گشتی وردبینکردنی تێدا,لەروی رادەی گونجاندنی رێبازی پێوانەی رای گشتی وراستی ودروستیانەوە هەندێ لەلێکۆلەرەوەکان گومانیان لە وردبینی وئەو رێبازانە هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی رای گشتی بەتایبەت رێبازی ئاماری کە شێوازێکیزانستی توند وتۆڵە بۆ پێوانە کردنی رای گشتی لەرێگەی ژمارەوەپێان وایە ئەو دامەزراوە بازرگانیانەی کە هەڵدەستن بەپێوانە کردنی رای گشتی, دژی دیموکراسیەتن وکاربۆ شێواندنی ئیرادەی جەماوەر دەکرێت لەبەرژەوەندی سەرمایەدارەکانەوە ئەمانە پیان وایە هیچ رێگەیەك بۆ پێوانە کردنی رای گشتی نیە.
* کاریگەری ژینگەی سیاسی,کۆمەڵایەتی, پێوانەی رای گشتی بەو ژینگە سیاسی وکۆمەڵایەتیەوە گرێدراوە کە پرۆسەکەی تێدا دروست دەبێت,هەروەها رادەی هۆشیاری وئاستی بژێوی و

بڵاوبونەوەی کەناڵەکانی  ڕاگەیاندن کاریگەریان بۆ سەر ئەو مەسەلەیە هەیە,بەهۆی چەندایەتی ژینگەی سیاسی وکۆمەڵایەتیەوە ژمارەی لەمپەرەکانی بەردەم پێوانەی ڕای گشتی زیادیانکردوە.

**جۆرەکانی ژینگە:**

*ژینگەی دیموکراسی.

*ژینگەی نادیموکراسی.

## ژینگەی دیموکراسی:

تێدا ئازادی ڕادەربڕین ئازادە وڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە, هەلی ئەوەیان بۆ دەرخستنی بەئازادی ڕای خۆیان سەبارەت  بەو کێشانەی کە دەخرێنە ڕوو دەبڕن ولەم ژینگەیەدا خەڵك لەڕێگە جیاجیاکانەوە دەتوانیٚ وتووێژ وبیروڕایان بخەنە ڕوو هەروەها لەبیروڕای کەسانی تریش بەئاگا بن وهەڵویستی ڕاستەقینەی خۆیان وەربگرن.

## ژینگەی نادیموکراسی:

لێرەدا هەڵسەنگاندنی ڕای گشتی گرنگی پیٚ نادرێت بەتایبەت شێوازی ئاشکرا کە داوا دەکرێت وەڵامی ئاشکرا بدرێتەوە لێرەدا ڕاگەیاندنی ئازاد وڕاستگۆنییە,تاکو هاوڵاتیان لەڕێگەیەوە ڕاستیەکان بزانن وقەناعەتیان لەلادروست بێت بۆ ئەوەی هەڵوێستی گونجا و وەرگرن بەڵام بەو مانایەنییە کەلەم ژینگەیەدا ناتوانرێت ڕای گشتی بزانرێت.

ژینگەی ڕای گشتی لەو وڵاتە تازە پێگەیشتۆکاندا

ژینگەی ووڵاتە تازە پێگەیشتۆکان پیچەوانەی وڵاتە نوێیەکانەوەواقعی کۆمەڵایەتیيان جیایە لەو ووڵاتانەی کە دیموکراسیان تێدا بەرپاکراوە,پەیوەندی هاوڵاتیان ودەسەڵاتداران بەجۆرێکە هاوڵاتیڕازی نیيە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووریەکانی وڵاتەکەی ,ڕای گشتی لەم ژینگەیەدا هێشتا پێنەگەیشتووە,زۆربەئاسانی دەتوانرێت لە هەڵوێستێکەوە بگۆردرێت بۆ پێچەوانەکەی ئەمیش بەهۆی هەژاریی ونەخوێندەواری باڵادەستی هەست وسۆز وپەیرەونەکردنی ڕێبازی زانستیەوە ڕوو دەدات,نەبوونی دیموکراسیەت ودیالۆگ وکەناڵی ڕادەربڕین ,پێدانی زانیاری وایانکردووە ڕای گشتی بەشێوەیەکی ڕاستە قینە نەبێت,نەهێڵیٚ هەڵویستی زاڵبێت [8].

پێوانەی ڕای گشتی بایەخی زۆری هەیە,چونکە لەم ڕێگایەوە ئاسانە ئاراستەکانی ڕای گشتی ئەو کۆمەڵگایەبناسرێتەوە کە سادەن ویەك بیروباوەری تێدا زاڵە, بەپێچەوانەی کۆمەڵگای هاوچەرخ وپێشکەوتوو کە تێدا بەرژەوەندی گشتی تێدا ناناسرێتەوە,هەر ئەوەشەوای کردووە پێویستی کردووە بەدوای ڕێگایەکدا بگەڕێن و بەوهۆیەوە ئاراستەکانی ڕای گشتی تێدا بناسرێتەوە, ئەمەش لەڕێگای ناوەند وپەیمانگای تایبەت وەك پەیمانگای گالوب لەو ووڵاتە یەگکرتوەکانی ئەمریکا کەلەساڵی1936دا دامەزراوە, هەروەها نوسینگەی ڕای گشتی زانکۆی پرنستون کە لەساڵی 1940دا دامەزراوە, لەسەدەکانی ڕابردوودا لەڕیٚ لایەنگر وهەوادارو جاسوسەوە,توانراوە ڕای گشتی تیایدا

[8] محازەرەکانی م.عەبد عارف قۆناغی سێهەم بەشی ڕاگەیاندن, زانکۆی سلێمانی 2004-2005.

بناسرێتەوە پێوانەکردنی رای گشتی بریتیيە لە ناسینەوەیان راپەرینەوەی کارێك مەبەستەکەی هەر ناسینەوەو ئاراستەکانی رای گشتی یە سەبارەت بە کێشەیەکی گشتی یان چەند کێشەیەکی جیاجیا کە بووە هۆی مشت ومڕ وتوێژ ومایەی بایەخ پێدانی هاولاتیان لەرۆژگاری ئەمرۆدا پسپۆران وتایبەتمەندانی پێوادیرای گشتی سیٚ شێوازیان دیاری کردووە:

*شێوازی راپرسینەوە.

*شێوازی روپێوی.

*شێوازی شیکردنەوەی ناوەرۆك [9].

## دروست بوونی رای گشتی

وروژاندنی گیروگرفت یان مەسەلەیەك:

بۆ ئەوەی رای گشتی دروست ببیٚ مەرجە گیروگرفت یا مەسەلەیەك یا بابەتێك لە گۆرێدا بێت تاساتێکی مێژووی دیاریکراودا تاڕای لەبارەوە دەربڕیٚ ,مەرجە ئەم مەسەلەیە بەلای تەواوی خەڵکەوە جێگای بایەخ پێدان بێت,هەر لەبەرئەم هۆیە مەرجە سەرەتا گیروگرفتەکە خولقێنراو بێت ,پاشان دەرکی پیٚ بکریٚ وبناسرێتەوە وبگەیەنرێتە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ولەو کاتەدا هۆکارەکانی راگەیاندن,بەهەموو جۆرەکانیەوە(بینراو,بیستراو,خوێنراو)دەکەونە کار تاببێتە بزوتنەوەیەکی سەرەکی وروژاندنی بابەتەکە.

ئاراستەی رای گشتی: پاش وروژاندنی مەسەلەکە وگەیاندنی خەڵکی بەجیاوازی ئاستی رۆشنبیری وکۆمەلاَیەتی ,وەك دەربرینی هەلویستی بەرامبەر بەمەسەلەکە کاردانەوەی دەبێت,ئەمەش بەپیٚی بایەخی گیروگرفتەکەو ,ئالۆزیەکەی کاتێکی درێژخایەنی پیٚ دەویٚ توجۆری بیرو بۆچونەکانی تێدا بەرامبەر دەوەستنەوە تا بگاتە رایەکی یەگکرتوو گشتی.

مەسەلەی وروژێنراو: لەم قۆناغەدا ئەم پرسیارانە دەکریٚ.

بایەخ وترسی مەسەلەکە بۆ کۆمەڵ چیيە.

لەچ ساتێك مەسەلەکە دەخرێتە گۆریٚ.

چۆن مەسەلەکە دەخرێتە گۆریٚ.

کام لایەن مەسەلەکە دەهێنێتە گۆریٚ.

دەرکەوتنی پێشنیازەکان:

وەلاٌم دانەوەی پرسیارەکانی پێشوو وراگەیاندنی تەواو لایەنەکانی مەسەلەکە بۆ گەیشتنە پێشنیازێکی دیاری کراو ,کفتوگۆ وتووێژی لەبارەوە دەکریٚ ولێرەوە دەوری نێوەندی کۆمەلاٌیەتی رۆشنبیری تاکی کۆمەڵ,چونکە هەر پێشنیارێك شیوێنەواری جیٚ دەستی دەستەیەکی پێوەدیارەکە گفتوگۆی لەسەر کردووە,بیٚ گومان لە راي دیکە جیاوازن کە دەستەیەکی دیکە وتووێژی لەبارەوە کردووە,دیموکراسی لەم قۆناغەدا دەورێکی گرنگی هەیە لە (دیالۆگ)ی نیو هەموو گروپ

[9]محازەرەکانی رای گشتی , بەشی رۆژنامەنووسی ,پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.

ودەستەکان بەجۆرێ بیروبۆچونەکان بۆ دەست نیشان کردنی هەڵوێستی راست ودروست پەلەیانە تاڕای زۆرینە لەناو هەموو دەستەیەکی کۆمەڵدا پێك دێت.

ج. خەملاندنی ڕا: پاش دەست نیشان کردنی رای هەموو دەستەیەك کە کۆمەڵ پێکدێنن,رای تێدا دەخەملێنرێ ودیموکراسی وگیانی لیبوردەیی ورای بوون بەرای بەرامبەر دەورێکی گرنگ لەم پرۆسەیە دەبینێی, دروشمی سەرەکیش بەرژەوەندی کۆمەڵە وسەرووی بەرژەوەندی تاکە کەسەوەیە.

3.رێکەوتن:

ووتوێژ وگفتوگۆ سەبارەت بە هەر بابەتێك لەرای تاکەکەسەوە سەرچاوە دەگرێ ودەبێتە هۆی رێکەوتنێکی یەکدەنگی نێوان ڕاکان کە لەقۆناغەکانیپێشوو هاتونەتە گۆرێ لەم قۆناغەشدا بەرژەوەندی گشتی تێایدا دەخرێتەسەروی بەرژەوەندی تاکە کەسەوە,رازی بوون بەڕای بەرچاوی لەنێوان هەموو ڕاکان رێی کفتوگۆیەکی بنیادنانەوە وئارەزوو بوون کۆمەڵە بۆ کردنە سەررێژەی روداوەکان.

4.هەڵس وکەوتی کۆمەل:

دوای ئەوەی کە کۆمەڵ هاوهەڵوێست بوون لەسەر کێشەیەك رای گشتی کە دەربری بەرژەوەندی گشتی یە لەقۆناغێکی دیکە دەگات کە قۆناغی دەبرینی(ڕا)یەوە چۆنیەتی بەرگری لێ کردنیەتی جل بە لایەنگری بێت یان هەڵوێست وەرگرتن بێ کە کۆمەڵ پشتگیریلێ دەکەن. (رشا)دەربرین لەکۆمەڵێك بۆیەکی ترو کێشەیەك بۆ کێشەیەکی تر جیاوازی هەیە. وەك خۆپیشاندان ومانگرتنی گشتی,یاخیبوونی مەدەنی وبایکۆت کردنی, کاری پێکهاتنی رای گشتی لەسەر پرنسیپی دیموکراسی پایەی داناوە,لەهێنانە گۆرێ,مشتومڕ کردن لەبارەیەوە هەر کەسێك لەبیروبۆچوون وترس ودڵەراوکێ خۆیبەدوور بگرێ..

**هۆکارەکانی دروست بوونی رای گشتی:**

هەندێ هۆکار هەن کە راستوخۆی کار دەکەنە سەردروست بوونی رای گشتی وکارتێکردن, گۆرانکاری تێدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە پێویستی بەکات وماندوو بوونێکی زۆر هەیە,تارای گشتیدەخەملێ, هۆکارەکان بریتین لە:

جەماوەر: لەهەموو کۆمەڵێك لەچەندین چین وتوێژێك پێك هاتووە کە لەکۆمەڵگایەك جیاوازی هەیە لەگەڵ یەکێکی تر,لەروی ئاستی رۆشنبیری وکلتوریەوە.

کلتور: رۆڵێکی کاریگەر وبالای هەیە لەدەرخستنی هەڵوێست وبۆچوون ورەفتاری هاولاتیان,شتە جێماوەکان,ژینگە کاریگەری هەیە لەسەر بۆچوونی تاك بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە بیروباوەری ئاینی وبەها رەوشتیەکان,ژینگەی خێزان کە ئەو ویستگەیەك لە قۆناغەکانی ژیان دەست پێ دەکاوسەربە یەکەم یەکەی پێکهاتەی کۆمەڵگادەبێ وکار دەکاتە سەر باری دەرونی وکەسایەتی ورسکانی چوارچێوەی هزری کەسەکە لەسەرەتای پێکهاتنیدا کە دید وبۆچون وباوەرەکانی بونیاد دەنێ.

پێکهاتەی سیاسی وکۆمەلایەتی: پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە ئامانجی ئەوەیە کلتوری نەوەیەك بۆ بۆ نەوەیەکی تر,خێزان وەکاریگەرترین قوتابخانەئەم رۆڵە دەبینێ لەسەر رۆشنبیری و پەروەردە.

روداوەکان: لەئاست روداوەکان پێویستە هەڵوێست هەبێ,ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەیدابوونی رای گشتی, وهەندێ جار بەرامبەر بە روداوەکان جێگرە وهەندێ جار کاتیە.

بیروبۆچوونی هاوڵاتیان: بیروباوەر باوەکانی نێو کۆمەڵ کەلە چوارچێوەی رۆشنبیری گشتی پێکدەهێنێ لەدیاری کردن وپێکهاتنی رای گشتیدا رۆڵی خۆیان دەبینن.

مەعریفە: ئەو پرۆسەیە کە مرۆڤ زانیاری وەردەگرێ تاچەند مرۆڤ زانیارییەکانی قوڵ وفراوان بێت ورتر وروتتر وئاشکراتردەبێ, مرۆڤ لەناوەندە رۆشنبیری وجموجوڵی خۆی مەعریفەوەردەگرێ [10].

سەرکردەکان: خاوەن دەسەڵاتە سیاسیەکان رۆڵی باڵایان هەیە لەخولقاندنی رای گشتی,ئەگەر توانای سەرکردەکان باش بوو دەتوانرێبەم رێگایە کاریگەری لەسەر جەماوەریش بکرێ,بەتایبەتی لەو کۆبونەوانەیگفتوگۆ ورا گۆرینەوە دەبسترێ,بەو بەڵگانەی کە هەیانە,دەتوانن سەرنجی خەڵکی رابکێشێ.

دەزگای فێرکردن: ناوەندەکانی فێرکردن زانیاری دەدەنە مرۆڤ وبەشدار دەبن لەدروست کردنی رای گشتی,هاوڵاتیکە دەچنە نێو ئەم دەزگایە لەژێر پرۆسەیەك دایدەنێ کەوا زانیاری وەردەگرێ وکاریگەری هەیە لەسەر رەفتارەکانی هاوڵاتی دروست کردن ورۆشنبیرکردنی تاك وپێکهێنانی راو بۆچوون شێوازی ژیانی داهاتوو.

هەستی نیشتمانی ونەتەوەیی: واتە هاوڵاتی تاچ ئاستێك هەست بەئینتمای نیشتمانی دەکا, ئەم هەستە زۆر گرنگە چونکەوای لێ دەکات رای گشتی بەهێزپەیدا ببێ.

ئایین: ئەم رەگەزە کاریگەریەکی زۆر دەکاتە سەر دەرونی مرۆڤ وپێکهاتە دید وبۆچوون وشێوازی مامەڵە وهەڵس وکەوت لەگەڵ خەڵکی دیکدا,ئەمەش بەهۆی کاریگەری روحی وئەو رێنماییە ئایینی وکۆمەڵایەتیەی کە ئەم لایەنە هەیەتی, کاردانەوەیئەوانەش هەموویان دەرژێنە نێو رای گشتی.

پروپاگەندە وراگەیاندن: ئەم دوو رەگەزە رۆڵی گەورە دەگێرن لەکارتێکردن لەسەر رای گشتی وئەو رای گشتیە کەبەهۆی کارتێکردنی راگەیاندن دروست دەبێ,زۆر جێگیر وسەقامگیرترە بەتایبەتیلە رۆژگاری ئەمرۆ کە پێشکەوتنی زۆر گەورە لەهەموو رویکەوە بەدیهاتووە [11].

## جۆرەکانی رای گشتی:

رای گشتی لەلایەن پسپۆران وشارەزایانی ئەم بوارە بەسێ جۆر پۆلێن کراوە کە ئەمانەن:

لەرووی چوارچێوەی بڵاوبونەوە: ئەم پۆلێن کردنە پشت بەرادەی بڵاوبونەوەی رای گشتی دەبەستێ, لەروی شوێن وچین وتوێژ وپیشەوە وەك:

1.رای گشتی ناوخۆیی یان نیشتمانی: ئەم جۆرە رای گشتیە لەبواری نیشتمانی دا بڵاوە لەناو هاوڵاتیان سەبارەت بە کێشەیەکی پەیوەندی بە زۆری هاوڵاتیانەوە هەیە لەوانە|(رای گشتی حیزبی,لەناو حزبێکی دیاریکراوە بڵاوە بەزۆری سیاسیەیانەوە,بەوە جیا دەکرێتەوە رێکخراو بەبێ

10 گۆڤاری رۆژنامەنووسی, ژمارە(2) رۆڵی رۆژنامە لەدروست کردنی رای گشتی, مەحەمەد عەبدوڵلا,ل51.

11نزار جرجيس على حرب و الكلمة,اربيل 1998 ص115-118.

بنـەمای ڕێکخستنی حیزبی پێك دێتکـەوا دەزگاکـانی حیـزب دایـدەنێ, وەك ئـەو ڕایـی گـشتیانەی لەکوردسـتان دروسـتدەبێ,ڕای گـشتی سـەندیکایی, مەسـەلەکانی سـەبارەت بـە کێشە وگرفتـەکانی ئەندامانی سەندیکا وسروشتی پیشەیی سەندیکای کرێکاران,ئەندازیاران هەیە, هـەروەك ڕای گشتی حیزبی وایە.

ب.ڕای گـشتی جـۆری(نـوعی) واباوە پەیوەنـدی بەدەسـتەیەك یـان کۆمـەڵێك خەڵکـەوە هەیـە, کـە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیـە,کۆمـەڵێك بـەهای مەعنـەوی وەك ئـایین ورەگـەز ورۆشـنبیری رووپۆشـی کردووە,ڕای گشتی نەوعی هەرلەچوارچێوەی سنوری ناوخۆ داگیر ناخوات بەڵکولە چواچێوەیەکی جیهانی هەیە, وەك ڕای گشتی ئیسلامی ,ڕای گشتی کوردی,عەرەبی...هتد.

ج. ڕای گـشتیهەرێمایەتی: ڕایـەکی بـاوی کۆمەڵـە گەلانێکـە لـەروی جوگرافیـا وهاوسـێیەتەوە لەماوەیەکی دیاریکراودا,سەبارەت بەکێشەیەك یان زیاتر کە کفتوگۆ وتوێژی زۆری لە بارەوە دەکرێ وکاردەکاتە سەربەرژەوەندی هاوبەشیان ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر بەها مرۆڤایەتیەکان.

د. ڕای گشتی نێو دەوڵەتی: ئەم جۆرەیان ڕای گەلانە وڕای حکومەتەکانیانە لەئەنجامی سـەرهەڵدانی کێشەیەکەوە پەیوەیست بەتەواوی گەلانی جیهانەوە, کێشەکانی مافی مرۆڤ,ژینگە,ئەو مەترسیانەی هەرەشە لەژیانی مرۆڤ دەکەن, کیشەی تیرۆر چونکە پەیوەندی ڕاستووخۆی بەژیانی گەلانەوە هەیە.

ا. لەروی بەردەوامی کاتەوە: ڕای گشتی لەرووی بەردەوامی ودرێژە کێشانی دابەش دەبێت بۆ:

1. ڕای گشتی بەردەوام: پەیوەستە بەکێشەیەکەو کارێگەری هەیە لەرووی نەتەوەیی یان ئایدۆلۆژی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کار دەکاتـە سـەر ژیانی سیاسی لـەهۆکارەکانی ڕاگەیاندندا لەوانە کێشەی نەتەوەیی گەلان.

2.ڕای گشتی کورت: ئەمەیان لە ئەنجامی ڕوداوێکی لابەلاوەپەیدا دەبێ وهـەر بەنـەمانی هۆکارەکـانی ڕوداوەکـە ئـەمیش نـامێنێ.لەوانەیـە چـەند سـەعات بخایـەنێ وپاشـتر نـەمێنێ ولەوانەیـە دووبـارە نەبێتەوە.

3. ڕای گـشتی ڕۆژانـە: ڕای گـشتی بزۆکـە وپەیوەسـتە بەچوونەپێـشەوە بزۆزەکـەکانی سیاسـەت وئابوری هۆکارەکانی راگەیاندن,دەورێکیکاریگەر لەپێکهێنانی دا.

4. ڕای گـشتی ئاشـکرا: ئـەم ڕایـە بـە ئاشـکرا وبـێ تـرس ولایـەنگری وگـشتی بـەزیاتر لەدەوڵـەتانی دیموکراسیدا دەردەکەوێ.

5. ڕای گـشتی شـاراوە: ئـەم جـۆرە ڕایـە شـاراوەیە چـونکە لـە دەور وبەرێکدایـە دیموکراسـی نـی یـە وئازادی ڕادەربرینی تێدا مەیسەر نیە.

## ڕاگەیاندن وکاریگەری لەسەر ڕای گشتی:

ڕاگەیانـدن پـەیامێکی فیکرییـە کـە کۆمـەڵێ ئامـانجی هەیـە لەرێگـەی کەناڵـە جیاوازەکـان ئاراسـت دەکرێ, کەلە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێك هاتووە,هەریەکە لەم ڕەگەزانەش بەپێ شوێن و
کات کاریگەری خۆی هەیە.

پەیامنێر ←——کەناڵی ناردنی پەیام ←——پەیام وەگر.

ماکلوهان پسپۆر وشارەزا پێوایە ڕاگەیاندنەکان دوو کاری سەرەکیان هەیە لە:

بڵاوکردنەوەی زانیاری وفێرکردن وکات بەسەربردن.
گواستنەوەی کلتوری کۆمەڵگایەك لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. بەشێوەیەکی گشتی زمان لەئاراستەکردنی پەیام کاریگەری زۆریی هەیە لەسەر تاکەکانی نێو کۆمەڵ,لەهەمان کاتدا داڕشتن وسیاغەکردنی هەواڵیش ,هۆکارە بۆ وروژاندنی هەستی وەرگر,راگەیاندن دەبێ ئەرکی کۆمەڵایەتی ببینن,هەر چەندە لەلای ئێمە زیاتر ئەرکی سیاسی دەبینن,بەڵام بۆ ئەوەوی کاریگەری لەسەر رای گشتی هەبێت دەبێت ئەرکی کۆمەڵایەتی ببینیت.

## شێوازە کاریگەرییەکانی تیور:

تیوری فیشەك (راستەوخۆ,مەوداکورت)ئەمانە بەجۆرێکە کە زۆربەی نوسەران وشارەزایانی رای گشتی بیرورایان وایە کە شێوەی فیشەك راستەو خۆکاریگەری هەیە ئەمە پاش نیشان دانی فلیمی جەنگی ئەستێرەکان لەسالآنی سیەکانیسەدەی رابردو.
تیوری دوورمەودا: بیروڕای یەکی وایە کە لەئەنجامی ماوەی دوور وکاریگەری هەیە ئەویش بەهۆی کەلە بوونی زانیارییەکاندا.
شێوازی کوتان: ئەم شێوازە نەزەریەکەی لەلاواز کردنی ئەو لایەنە دەبێت, شێوازێکی نوێیە وەك ئەوەوایە خەڵکەکە وابهێنن کە خەڵك رابێت لەسەربینینی(صور من المعرکه) کە لەکاتی جەنگی نێوان عیراق-ئیران نیشانی خەڵك دەدرا بەناشیرینترین شێوە خەڵکی تیا کوژرا.
تیوری دەرگەوان(حارس البوابه):ئەمەش ئەو کەسەیەکە دەبێتە رەمزی سانسۆر ورێگە دەدات بەوەی کە خۆی مەبەستیەتی ورێگە نادات بەوەی کە مەبەستی نیە.
تیوری کاریگەری بە دوو قۆناغ: بیروای وایە راگەیاندن کاریگەری هەیە,بەڵام بەشێوەیەکی راستەوخۆ نا بەڵکو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ,واتە کاتێك لەراگەیاندنەکانەوە بابەتێك بڵاودەبێتەوە راستوخۆ باوەریپێبکەین,بەڵکو پاش ئەوەی کە لەلایەن کەسانی ترقبوڵ دەکرێت ئەبێ بڵاودەبێتەوە کاریگەری دروست دەکات.وەك نیشان دانی گروپە تێرۆریستەکانی عیراق.
تیوری ئەوەلیات (گرنگ وگرنگترین) واتە بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی کە بەپلەی یەکەم دێت وگرنگی پێدراو واتە ئەو شتەی کە ئاماژەی پێدراوە بەگرنگ دادەنرێ.
کاریگەری بەکارهێنانی وفێرکردنی پێویستی: بپێئەو تیورە هەموو کەسێ بەپێچەوانەی شێوازەکانی تر خەڵك دەتوانی بەبێ پێویست خۆی خۆی تێر بکات(زانیاری وەربگریی) [12].
-جۆرەکانی کاریگەری:
گۆرانکاری هەڵوێست مرۆڤی
پەروەردەی کۆمەڵایەتی.
وروژاندنی کۆمەڵ.
کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

---

[12] مامۆستا عەبد, محازەرەکانی قۆناغی سێهەمی بەشی راگەیاندن ساڵی خوێندنی 2004-2005زانکۆی سلێمانی.

**دارشتنەوەی واقیع.**

[1] **عبد المنعم سامی, الرای العام والاشاعه, المغرب** 2001 **ص**20.

[1]**هەمان سەرچاوەی پێشوو,** ص22.